# کاسترۆ و ئایین

## وەستانەوە لەدژی باوەڕی ئایینی، یەکێکە لەو چەکانەی کە لە رابردودا لەدژی مارکسیزم بەکاردەهێنرا



عەبدولحسەین شەعبان

هەر لە دیدارە مێژوییەکەی نێوان (کارل مارکس) و (فریدریک ئەنگلس) و دەرچوونی «مانیفێستی کۆمۆنیست»ـەوە لە ساڵی 1848، بیری مارکسیزم مشتومڕی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی بە ئاڕاستەی بێنەوایی مرۆڤ و هۆکارەکانی ئەو بێنەواییە ئاراستەکرد، نەك لەوەدا کە پەیوەستە بە راڤەکردنەوە، بەڵکو بایەخپێدانەکانی لەسەر گۆڕان چڕکردەوە، لەمەشدا مارکسیزم رووبەڕووی زۆرێك لەو بانگەشانە بووەوە کە بۆرژوازییەت ویستی بیکاتە بیانو و داردەستێك، وەک خۆحەشاردان لە پشت ئایین و هەندێکجاریش لەبەرکردنی عەبا و جبەی ئایینی، نەك وەك بەرگریکردنێك لە شانشینی ئاسمان، بەڵکو بۆ بەرگریکردن لە شانشینی زەوی

(پیرۆز)، مەبەستیشمان لەمە «سیستمی پادشایەتییە»، كە ناكرێت توخنی بكەویت، ئەمجۆرە ئایینەش توانایەكی «ئەفسانەیی» نییە لە رووبەڕووبوونەوەی ماركسیزمدا، بەتایبەتی ئەگەر مەسەلەكە پەیوەست بوو بە خاوەندارێتییەوە، یان ئەگەر دژایەتی ئەو بنەمایانە كرا كە كۆمەڵگەی لەسەر دامەزراوە، بەتایبەتی بەركەوتن لەگەڵ سیستەم و یاسا و رێسا باوەكان، كە پارێزگاری لە بەرژەوەندیەكانی دەكات. «تۆمەتباركردنی» ماركسیزمیش بە بێباوەڕی و وەستانەوە لە دژی باوەڕی ئایینی، یەكێكە لەو چەكانەی لە رابردوودا لە دژی بەكاردەهێنرا.

لێرەدا وتەی یەكێك لە قەشە مەسیحیەكان دەگوازمەوە، كە سەرۆكی پێشووی ئەساقیفەی كانتربێرییە لەبارەی پەیوەندیی سەرمایەداری بە ئایینەوە. رەنگە نمونەی ئەم جۆرە تێگەیشتنە نزیكبێت لە بیركردنەوەی ماركسیستییەوە كاتێك دەڵێت: «سەرمایەدارەكان لە هەفتەیەكدا شەش رۆژ پارە دەپەرستن و لە رۆژی حەوتەمدا دەچن بۆ كەنیسە»، رەنگیشە لەرێگەی ئەزموونەكانمانەوە بزانین، چەندین كەس لەوانەی رەفتار و هەڵسوكەوتەكانیان پەیوەندییان بە ئایینەوە نییە، چاوەڕوانی هاتنی وەرزی حەج دەكەن بۆ ئەوەی بچن بۆ مەككە، بۆ ئەوەی گوناهەكانیان پاكبكەنەوە، ئیدی گرنگیش نیە ئەگەر گەڕانەوە بۆ سەر ئەو رەفتارانەیان، رەنگە دووریش نەبن لەم رەفتارانەوە تەنانەت لەكاتێكدا كە لە لوتكەی بەجێهێنانی فەرزە ئاینیەكانیشیاندان، هەندێكجار لە شوێنە پیرۆزەكانیشدا، لەناویشیاندا لەناو ماڵی خوادا لە مەككە.

شانشینی چەوسێنەران بریتییە لە زەوی، با باوەڕدارەكانیش شانشینی «ئاسمان» بەرن بۆ خۆیان، بۆ ئەوانە بە تەنها، لەبەرئەوە چەوسێنەران هەوڵی رێگیریان لە هەر جۆرە هاوپەیمانێتییەك داوە لەنێوان ماركسیستەكان و باوەڕداراندا، ئیدی ئەو باوەڕدارانە ئاییندار بن یان بێ ئایین، ئەمانە ئامانجگەلێكی هاوبەش كۆیاندەكاتەوە، وەك نموونە و بەها و پرەنسیپەكانی ئازادی، دادپەروەری، یەكسانی و رێزگرتن لە مافەكانی مرۆڤ، بە چاوپۆشین لە ئایین، رەنگ،

**زۆرێك گروویان لەسەر جیاوازی عەقیدەیی كردووە لە نێوان موسڵمانان و ماركسیستەكان و لەنێوان ماركسیەكان و مەسیحیەكان و ئەوانی تردا، ئەوەش جیاوازییەكە ناكرێت و نابێت نكوڵی لێ بكرێت، یان تێپەڕێنرێت، یان هەوڵی گونجاندن لە نێوانیاندا بكرێت لەسەر ئاستی تیۆری**

رەگەز، زمان، نەتەوایەتی و ئاستی كۆمەڵایەتی، باوەڕدارەكان و ماركسیستەكان، ئاییندارەكان و سیكۆلارەكان، لە نمونە هاوبەشەكان و كۆمەڵی مرۆییدا جەوهەری ژیانی مرۆیی دەدۆزنەوە، عیسا و موسا و محەمەد لە ساتێك لە ساتە بێگەردە مێژووییەكاندا، مەلەكوتی بەختەوەرییان پێشكەش بە هەژاران و زوڵملێكراوەكان كردوە، وەك چۆن ماركسیستەكان هەوڵدەدەن پێشكەشی بكەن، ئەگەرچی هەریەكەیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە بێت، بەڵام مەسەلەكە پەیوەندی هەیە بە سەیرورەی مرۆڤایەتییەوە، ئەوەش دوور نییە لە خەونی مرۆییەوە بۆ كۆتاییهێنان بە چەوساندنەوە و بەدیهاتنی خەونی مرۆڤ لە ئازادی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانی.

ئەگەر ویستیشمان ئەمە بەسەر رەوشی ئێستاماندا جێبەجێ بكەین، ئەوەی تیۆلۆژیای رزگاریی لە ئەمریكای لاتین و خەباتی هەندێك لە هێزە ئاینییەكان پیشكەشیانكردووە، ئیسلامیزمی دژە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لە ناوچەكەماندا، تا رادەیەكی زۆر لەگەڵ خەباتی رەوتی ماركسیزمدا

یەکیگرتۆتەوە، هەربۆیە پێویستە دەرگای دیالۆگێکی کراوە و ئاشکرای فـراوان لەنێوان بـاوەڕدارەکـان و بێباوەڕەکاندا بکرێتەوە، لەنێوان موسڵمانەکان و مەسیحیەکان و ئەوانی تردا، لەنێوان مارکسییەکان و عەلمانیەکان لەلایەکی ترەوە، بەتایبەتی لە پرسەکانی رزگاربوون و بنبڕکردنی چەوساندنەوە و دژوەسـتـانـەوەی تاکڕەوی و ستەمکاری، ئەمە جگە لە پرسەکانی دادپـەروەری و یەکسانی و ئاشتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

سەرچاوەی نەهامەتی و کوێرەوەری مرۆڤ بریتیە لە چەوساندنەوەی ناڕەوا، بۆ ئەوەی لە ریشەوە هەڵبکێشرێت، ناکرێت چـاوەڕوانـی ئـەوە بکرێت ئاسمان دەیبارێنێت، بەڵکو کار و خەبات دەستەبەرکەری ئازادی، خۆشەویستی، دادپەروەری و یەکسانی و ئەوەیە کە پێغەمبەران مژدەیان پێداوە، هەروەها چاکسازییە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان کە مارکسیزمیش مژدەی پێدەدات و بانگەشە بۆ ژیانێك دەدات کە شایستەی مرۆڤ بێت.

شەیدایی بۆ دادپـــەروەری بریتییە لە پەیامی پیرۆزی بنچینەیی بۆ هەر کەسێك کە بیەوێت بەرگری هەبێت لە دژی ڤایرۆسی چەوساندنەوە و ستەمکاری، ئیدی باوەڕداربێت یان مارکسیست بێت، بۆئەوەی خەون بە ئایندەیەکی نوێوە ببینێت بۆ مرۆڤایەتی.

ساڵی 1988 کتێبێك لە بەیروت و عەدەن بەناونیشانێکی سەرنجڕاکێش بڵاوکرایەوە، بریتی بوو لە «فیدڵ کاسترۆ و ئایین»، نموونەی ئەم ناونیشانانەش بەتایبەتی بۆ سەرکردە مارکسیستەکان تاڕادەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشن، بەتایبەت باسی تابۆگەلێك بکات کە زۆرێـك لە مارکسیستەکان، بە تایبەتی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیماندا خۆیانی لێ لادەدەن و دوای «قۆناغی منداڵیی شۆڕش»، کەوا مارکسیزم پێیدا رۆیشت لە وڵاتانی ئێمەدا، بە شێوەیەکی گەوجانە و هەڵەشە و ساویلەکەییەکی زۆرەوە مامەڵەی کرد لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا کە پەیوەندییان بە بیروباوەڕی خەڵکەوە هەیە، بەهۆی ئەمەشەوە تووشی شکستگەلێکی گەورە هات، مەسەلەکەش پەیوەندی هەیە بە بابەتی تێگەیشتنی هەڵەوە بۆ هەڵوێستی ئایین و رێنماییەکانی. ئەمەش ئەمەیە کە فیدڵ کاسترۆ لە وتوێژەکانیدا لەگەڵ (فرای بیتۆ) لە میانەی هەڵسەنگاندنیدا بۆ ساڵە بەراییەکانی شۆڕشدا دانی پێدانا: «بەتوندی پێداگریمان لەسەر درۆگەلێك کرد و ناچارکراین لەگەڵیدا بژین، بۆیە جیهان وا دەردەکەوێت شڵەژاوبێت، کاتێك گوێمان لەڕاستی دەبێت».

وتوێژی کاسترۆ لەگەڵ (فـرای بیتۆ)ی راهیبێکی دۆمینیکانی لە بەرازیل، زۆرێك لەو پەردانە لادەبات کە دراون بەسەر هەڵوێستی مارکسی و کۆمۆنیستەکاندا سەبارەت بە ئایین، ئەو بەدوای خاڵێکی هاوبەشدا دەگەڕێت کە مارکسی و مەسیحیەکان کۆبکاتەوە، ئەمەش بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش و سەرسامکەر، کە لە وڵاتانی ئێمەدا لەسەری نەوەستاوین لەوکاتەوە کە هەڵوێستمان لەبارەی ئایینەوە بە نەرێنی دەربڕیوە، پاشان دورکەوتینەوە وەك ئەوەی تابۆیەك بێت رێگری لە هەر مشتومڕێك یان وتوێژێك لەبارەیەوە بکات.

وتوێژێکی نایاب و قوڵی نێوان پیاوێکی ئایینی کاسۆلیکی، کە بە باوەڕی خۆیەوە پراکتیزەی دروشم و سروشەکانی دەکات، لەگەڵ سەرکردەیەکی کۆمۆنیستیدا کە بڕوای بە مارکسیزم هەیە، وتوێژێکی خۆم و مەتران (جۆرج خزر)ی بیرخستمەوە، کە پێشەکی نووسیوە بۆ کتێبەکەم «فقه التسامح فی الفکر العربی- الاسلامی: الدوله و الثقافه، دار النهار، بیروت، 2005».

کاتێك مەتران دەستنوسی کتێبەکەی خوێندەوە، بەتایبەتی ئەو بڕگەیەی تایبەتە بە مەسیحیەت، کەمێك وەستا و گوتی: «هەم هەستم دەکرد مەسیحیەك لە پشت شەعبانەوە وەستاوە بۆ ئـەوەی ئەوە بنوسێت کە نووسیویەتی»، پاشان پرسی «بۆچی من بینووسم نەک یەکێکی تر»، وەڵاممدایەوە: «لەبەرئەوەی تۆ مەسیحیەکی ئەرتەدۆکسی لوبنانیت، منیش لە خێزانێکی عێراقی موسڵمانم، تۆیش خەڵکی جەبەل لوبنانیت و منیش خەڵکی نەجەف، تۆ پیاوێکی ئایینیت و مەترانی بترۆن و جەبەل لوبنانی، منیش لە خێزانێکی ئایینی، کە پێگەی خۆی هەیە، تۆ دینداری و منیش کەسێکی عەلمانی، ئەوەش بە تەنها

بەسە بۆ ئەوەی لە دوو پێگەی هاوسەنگەوە لەبارەی لێبوردەییەوە بدوێین»، هەروەها پێمگوت: «لەبەر ئەم هۆیانە من زۆر پێداگرم لەوەی تۆ پێشەکیەکە بنووسیت»، کە دوای چوار رۆژ لە پێدانی دەستنووسەکە بە دەستم گەیشتەوە، کە پارچەیەکی ئەدەبی-فەلسەفی و تۆکمە و تێروتەسەل و مرۆییانە بوو.

پاشان ئەو چیرۆکەم بۆ گێرایەوە کە ماوەی ساڵانێکی دورووردرێـژە دەماودەمی پێدەکەین، ئەویش ئەوەیە «پیاوێکی ئایینی موسڵمان دەکەوێتە وتوێژێکەوە لەبارەی مارکسیزمەوە و گفتوگۆکە ماوەی زیاتر لە شەش مانگ دەخایەنێـت، دووەمیان کاریگەر و سەرسام دەبێت بە ئیسلام، یەکەمیشیان کاریگەر بووبوو بە مارکسیزم و سەرسامی خۆی دەربڕیبوو، ئەوەش ببووە هۆی رێککەوتنێك لە نێوانیاندا بۆ بەردەوامیی کاری هاوبەش و گفتوگۆی بەردەوام و هەریەکەیان لەشوێنی خۆیەوە». کاتێکیش من وتوێژەکانی کاسترۆ دەخوێنمەوە لەگەڵ بیتۆدا هەمان هەستم بۆ دروست دەبێت، چونکە هەر یەکەیان بەڵگەکانی خۆی لەسەر سەرچاوە سەرەکییەکانی مەسیحیەت، یان مارکسیزم بونیادناوە، بێ ئەوەی هیچکامیان دەستبەرداری بیرۆکەکانی خۆی بێت، بەتایبەتی تێگەیشتنی قوڵ لەبارەی ئەخلاق و سیاسەت و چەوساندنەوەوە، پاشان پێویستی کاری هاوبەش لەپێناو هەژاراندا.

زۆرێك گرەویان لەسەر جیاوازی عەقیدەیی کردووە لە نێوان موسڵمانان و مارکسیستەکان و لەنێوان مارکسیەکان و مەسیحیەکان و ئەوانی تردا، ئەوەش جیاوازییەکە ناکرێت و نابێت نکوڵی لێ بکرێت، یان تێپەڕێنرێت، یان هەوڵی گونجاندن لە نێوانیاندا بکرێت لەسەر ئاستی تیۆری وەك هەندێك لە پەنجاکان و شەستەکاندا هەوڵی ئەوەیانداوە لە لێکۆڵینەوەکاندا بەرژەوەندییەکانی نێوان ئیسلام و سۆسیالیزم بدۆزنەوە، لە هەشتاکان و نەوەدەکان و دواتریشدا لەنێوان ئیسلام و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤدا، بەڵام ئەو هەوڵانە زۆر سەرکەوتنیان بەدەستنەهێناوە، هەریەکەیان بوار و چێوەی فیکری خۆی هەیە، بەبێ فەرامۆشکردنی خاڵە هاوبەشەکان لە مەسەلەکانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مافەکاندا. رەنگە ئەو هاوبەشیەش لە بەرامبەر ئەو رەوشەی ئێستا و مومارەسەکردنی پێویستدا بێت، کە پێویستە بە بوارێکی گرنگ هەیە لە کارامەیی بەر بۆ وەرگرتن، بەتایبەتی ئەگەر هەردوولا بەرژەوەندی خەڵك و مافەکانیان بەهەند وەرگیران.

کاتێك سەرنجی ئەوەمدا کە کڵێسا لە کوبادا رۆڵـی خۆی بەدەستهێناوەتەوە، پرسیارم لە هەڵوێستی کاسترۆ و حزبی کۆمۆنیست کرد لەبارەی ئایینەوە، وەڵامێکی ئەرێنیم وەرگرت لەبارەیەوە کاتێك هەرزەکار بووە، پاشان سەرنجی قسەکانیمدا لەدوای دابڕانییەوە لە ئایین، بە تایبەتی لە ساڵی 1971، لە دیدارێکیدا لەگەڵ پیاوێکی ئایینی کاسۆلیکی لە چیلی و دیدارێکی گشتی لەساڵی 1977 لەگەڵ قەشە جامایکیەکاندا، پاشان قسەکانیم وەبیرهاتەوە کە لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش و رۆژەکانی سەرەتاوە دوبـارەی دەکردەوە «ئـەوەی ناپاکی لە هـەژاران بکات، ناپاکی لە مەسیح دەکات»، بەتایبەتی ماوەی دورکەوتنەوەی توند لەگەڵ کەنیسەدا.

کاسترۆ فێربوونی سەرەتایی و ناوەندی لە باشترین قوتابخانە کاسۆلیکییەکانی کوبادا وەرگرتووە، بە تایبەتی پەیامە ئەخلاقیەکەی، کە رەهەندێکی ستراتیژی پێکهێنا و رێکخەرێك بوو بۆ مومارەسە شۆڕشگێڕیەکانی. ئارماندۆ هارت (Armando Hart) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کوبی و وەزیری رۆشنبیری پێشتر، دەڵێت «دوو سەرچاوە هەن لە گرنگترین سەرچاوەکانی مێژووی فیکر و سۆزی مرۆیی: مەسیحیەت و مارکسیزم، کە دوژمنەکانیان وایان وێناکردوە هەرگیز بەیەك ناگەن»، دەتوانم بڵێم ئایین لە ئەمەریکای لاتین وەك چۆن لە هەندێك ئەزمونی عەرەبیشدا، بەتایبەتی لە بابەتی خەباتی رزگاریخوازی لە دژی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم، رێگاگەلێکی نوێی سەرسامکەری دۆزیوەتەوە، ئەمەش مەسەلەیەکە و پێویستی بە وەستانێکی ریشەیی هەیە بۆ بیرکردنەوە، گـەڕان، کارکردن و رەخنەگرتنی خودییش، بەتایبەتی بۆ هەڵەکان و کەلێنەکان کە لەماوەی دەیەکانی رابردودا بۆمان ماونەتەوە.

**سەرچاوە:**

کتێبی (کوبا، الحلم الغامض، عبدالحسین شعبان، دار الفارابي، بیروت، لبنان، الطبعة الاولی- 2011)